**بە نـــاوی خـــوای بەخشـــندەو میهرەبـــان**
**بە نـــاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـــومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـــراق**
**ژمارەی بـــڕیـــــار : ٣٠**
**رۆژی بـــڕیـــــار : ٢٠٠٣/١/٩**

**" بڕیـــــار "**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی پەنجاوشەش لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و، بەپێی ئەوەش کە لە بڕیاری ژمارە (١٦)ی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/١٦)ی ئەنجومەنی نیشتمانیدا هاتووە، ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/١/٩)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا:

**یەکەم :** بەرزنرخاندنی ئەو کۆششە سەروملرەی کە لیژنەی باڵای تەنسیق و لیژنە فەرعییەکان لە پێناوی پێکهاتنەوەی نیشتمانی و یەکێتیی گەلی هەرێمی کوردستاندا بە خەرجیان داوە.

**دووەم :** لیژنەی باڵای تەنسیق(HCC)بۆی هەیە، لە رێگای دەستەی سەرۆکایەتییەوە پێوەندی بکات بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو ئەرکوفرمانانەی لە پێکهاتنەکەی رۆژی(١٩٩٨/٩/١٧)ی واشنتۆندا هاتووە بە ئەنجام بگەیێنن و راپۆرتگەلی خولاوخول لەبارەی ئیشەکانیانەوە بدەن بە ئەنجومەن تا بخرێنە پێش چاوو تەسدیق بکرێن.

**سێیەم :** لیژنەی باڵای تەنسیق بۆی هەیە داوا لە فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان بکات کە لە کاتی پێویستدا یاسا یان بڕیار دەربارەی ئیش و کارەکانی لیژنەکە دەربهێنن.

**چوارەم :** لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆیان هەیە سەر لە لیژنە فەرعییەکانی لیژنەی باڵای تەنسیق بدەن و، لە ساناکردنی ئیش وکارو تەخت کردنی گرێ و گۆڵێ کە دەکەوێتە رێگای ئەو لیژنە فەرعییانە بەشداری بکەن و، مافی ئەوەشیان هەیە دووی ئیش و کارەکانیان بکەون و، سەرنج و تێبینی خۆشیان بە راپۆرت پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن.

**پێنجەم :** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**